# ڕاگەیاندنی پێهکاتنی

# کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەربڕین

# هۆڵـــــەندا

پێوانەی شارستانێتی وئازادبوونی هەر کۆمەڵگایەك بەندە بەجێگیربوون وسەقامگیربوونی ئازادی سیاسی ومافە مەدەنی وفەردییەکانەوە لەهەر کۆمەڵگایەکدا. ئەمڕۆ لەعێراق وەبەتایبەتی کوردستاندا بەدوای جەنگی کاولکاری ئەمریکادا وەلەژێر چەتری پڕووپاگەندەی پووچی ئازادی ودیموکراسی ومافی مرۆڤدا، تووندترین ودڕندانەترین ترین هێرش بۆ سەر مافەسەرەتاییەکانی خەڵك وکۆمەڵگا بەڕێوەدەچێت.

دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ درێژەدان بەدەسەڵاتی ناکۆکیان لەگەڵ خواستی خەڵك وەلەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا، ڕێگای سەرکوتی ئازادییە سیاسییەکان و پەلاماردانیان لەمەودایەکی فراواندا گرتۆتەبەر وبوونەتە میراتگری حکومەت ورژێمی بەعسی فاشیست لەم مەیدانەدا. سەرکوتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان وتەقەکردن لێیان، درێژەدان بەگەندەڵیی ئیداری، سەرکوتی هەر شێوەیەك لەئازادی سیاسی وئازادی قەڵەم وڕادەربڕین، وەلەوانە بێسەروشوێن کردنی د.کەمال سەید قادر، کەترسناکترین ئاماژەن کەپارتی وئەم دەسەڵاتدارانە دەیدەن بەگوێی خەڵکی کوردستان وئازادیخوازاندا. ئەم بارودۆخە ئەوە دەخوازێت کە سەرجەم خەڵکی کوردستان ولەپێشیانەوە ئازادیخوازان وقەڵەمبەدەستان، قبوڵی نەکەن وڕیزەکانیان یەکگرتووبکەن وەبۆ بەرگری لەخۆیان ولەماف وئازادییەکانیان بێنەمەیدان.

وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی لەم مەیدانەدا ئێمە ژمارەیەك لەکەسانی ئازادیخواز وڕۆشنبیر لەئیحساس بەمەترسی ئەم دەستدرێژیانە بۆ سەر ئازادیی خەڵکی کوردستان، بەمجۆرە پێکهێنانی کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی ودەربڕین لەهۆڵەندا ڕادەگەیەنین، بەمەبەستی تێکۆشان لەپێناوی یەکخستنی ڕیزی ئازادیخوازان ولایەنگرانی ئازادییە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان، وەبۆ بەرگرگرتن بەهەر شێوەیەك لەپەلامار بۆ سەر ماف وئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لەناوەوە ولەدەرەوەی وڵات . هەروەها بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان وڕووناکبیران وقەڵەمبەدەستان دەکەین کەبەڕیزی ئێمەوە پەیوەست ببن بۆ بەهێزکردنی سەنگەری ئازادیخوازی وجێگیربوونی ئازادییە سیاسی وفەردییەکان لەکوردستاندا.

**کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین_هۆڵندا**

22/12/2005

ئەتوانن بەم ئەدریسانەوە پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن:

tahamaruf@yahoo.com
jamal450@hotmail.com
azadi_480_2@hotmail.com
karwan72@zonnet.nl
rabar_1977@hotmail.com
sardarkaradagi@hotmail.com
dana11n@hotmail.com